# حەماس گەیشەتە هەولێر

تەها ئەمین هەڵەدنی

ئەمڕۆ20060214 بە بەشداری هەزاران  کەس دانیشتووی شاری هەولێر، بەشداری خۆپیشاندانیان کرد.

دژی کارکاتێرەکانی کە ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی 5مانگ پێش ئێستا بڵاوی کردەوە. عەلی باپیر خۆیگەیاندە شاری هەولێر.

عەلی باپیر هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە پەرچەمی تورکیا بوستێنێ، کە سەدەها ساڵە، کورد تیرۆر دەکا،سەدها ساڵە سووکایەتی بە نەتەوەی کورد دەکا. سەدەها ساڵە تورکە دەسەڵاتدارە فاشستەکان، مەنجەنیقیان بۆ کورد هەڵخستوە.

عەلی باپیر هەرگیز بیری لەوە نەکردوە کە پەرچەمی ئێران بسووێنێ، کە ساڵەهایە بە فەتوای خومەینی، خوێنی هەموو کوردی حەڵاڵ کردوە.

عەلی باپیر پەرچەمی سووریا ناسووتنێ کە دەسەها ساڵە، سوکایەتی بە کورد دەکا.

عەلی بارپیر پەرچەمی دانیمارک دەسووتێنێ، چونکە ساڵەهایە، پاڵپشتی داخوازیە ڕەواکەی گەلی کوردە.

هەر ئەمڕۆ20060215کەناڵی ئەلجزیرە لە هەواڵەکاندا ووتی: کە 8 میلیۆن مرۆڤی سۆمالی برسیەتی هەرەشەی مەرگیان لێدەکات. نەتەوە یەکگرتوەکان داوای 60 میلیۆن دۆلار دەکات، بەپەلە. ئەرێ کەسێ نەبوو بە ئیسلامیەکانی کەنداو، یا بنلادن بلێ فریایان کەون، خۆ بن لادن نەک میلۆنێر میلیاردێرە. یا ئەوانە کەلکی پاڵپێوەنانی پاپۆڕی عروبەو ئیسلامیان نیە.

عەلی باپیر، مەلا کرێکاریەکان سەلماندیان، دژی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردن، چونکە ئەوان لە کاتی دژی ئەمەریکا وەستانەوە، کە کورد پێویستی بە چڵەدارێکیش هەبوو تا لە مەرگ ڕزگاری بکا. ئاخر پێمیمێ ووتی: کاتێکی وابوو، لە جوتیارێکی هەژاریش دەترساین، لەناو گۆلە تووتندا خۆما مەڵاسدابوو، جوتیارەکە، ئاوی بەردایە گۆلە تووتنەکەی، نەمان وێرا بڵێین خاڵۆ جارێ ڕاوەستە.

پێمیێکی دیکە ووتی: بەقرچەی هاوین خۆمان لە ناو توترگدا شاردبوەو زەمزەمیەکەمان دانا بوو لەبەر تنۆکە تنۆکی بن کەنێک، تا پڕ بێت، زۆرمان تینو بوو، زۆری نەمابوو لە تینوێتیدا بخنکێن. بەڵام جوتیارێک بە بێڵێکەوە هاتوو قوم قوم زەمزەیمەکەمانی نابە بینیەوە. بەڵام نەمان وێرا، بڵێین خاڵۆ مەعز بۆ خوا خەریکە لە تینێۆتیدا ئەژنۆمان ئەشکێ.

چونکە خۆپیشاندانەکەی هەولێر، کاردانەوەی نەگەیێڤی دەبێ بۆ گەلی کورد، کەناڵی ئەلجەزیرە زیاد لە پێویست چەند جارێک ئەو هەواڵەی بلاو کردەوە.

سەیر نەبوو، کاتێک ئەلجەزیرە چاوپێکەتنی لەگەڵ خەڵکایتردا دەکرد، لەهەمان کاتدا ، دووبارەو سێبارە، وێنەی سووتانی پەرچەمی دانیمارکی، پیشان دانیمارکیەکان دەدا.
کۆفی عەنان بەفەرمی ئێران و سووریای تاوانبار کرد، کەدەستیان لە گەورەکردنی کێشەکەدا هەبوە. هەموومان دەزانین کە کەس ناتوانێت بێ دەستخۆشی دەسەڵاتداران لە کوردستانیش خۆپیشاندان ساسز بکا. ئەروپیەکان دەزانن کە هەموو خۆپیشاندانێکی ڕۆژهەلاتی، بێ فەرمانی دەسەلاتداران هەرگیز دروست نابێ.
ئەورپیەکان لە گوێی گا نەنووستوون،ئاگادارن کە کاریکاتێرەکان 4 پێش ئەمرۆ کراوە، دەزانن کە بە فیتی ئێران و سووریا بۆ دوورخستنەوەی ئەگەری لێدان، کاریکاتێرەکانیان کرد بەو کێشە گەورە.
ئیسلامیەکانی جیهان بەو خۆپیشاندانە، دڕندانە، هێندەیتر خۆیان ڕیسواکرد. ئیسلامیەکانی کوردوستانیش کوردیان لەو ڕیسواییە بێ بەش نەکرد.
بەلام ئێمەی کورد، ساڵەهایە قوربانی دەستی قورئان و بیری نەتەوەپەرستی عەرەبین، چی بوو وای کرد، کەوا بە ژمارە زۆرەوە ئەو خەڵکە سادەو هەژارەی کورد بەشداری خۆپیشاندانە بکەن.
بۆسنەییکانیش ئیسلامن، باشترین یارمەتیشیان لە گرووپە ئیسلامیە تیرۆریستەکانەوە بەدەست گەشیت. هەزارەها عەرەبی ئیسلامی بەشداری شەڕی بۆسنەیان دژی یوگسلافیا، کرد. کەچی نە خۆپیشاندان کرا، نە پەرچەمی وولاتێکیش سووتێندرا!
بەلام تەنها عەرەبێکیش بەشداری غەمی کوردان نەبوو، لە کیمیاوی باران و ئەنفالکردندا.
عەرەبی ئیسلامی، نەک هاو دەردی خۆی نیشان نەدا، بەڵکوو کیمیا باران و ئەنفالیان بە کەم زانی، چونکە عبدولقادر بریفکانی بۆ کەناڵی ئەلجەزیرە ووتی: کاتێ سکالامان بۆ کۆمکارانی عەرەب برد، لەتاو کیماوی بارانی بەعس . عەرەبەکان بە گاڵتەجاڕیەوە پرسیبوویان، ناتانەوێ سەدام گولاوتان بەسەردا بپرژێنێ*؟ عەرەب لێرەدا مەبەست هێزە ئیسلامیەکانە.
ئەمە بەڵگەیە، کە گەلە پێش کەوتوەکان، لە ئازادی بیروڕا تێدەگەن.
کازاکستان لە 80% ئیسلامە، کەچی زەردەخەنە دەیانگرێت،کە خەڵک دەبینن، پەرچەمی دانیمارکی دەسوتێنن. لێرەدا قوونی ڕەشوو سپی گەلی پێشکەوتوو لە بواردا دەردەکەوێت.
ئاخر ئەوان، باوەڕیان بە ووتەیەی گونتەر گراس هێناوە، کە ئەڵێ:هیچ شتێک هێندە پیرۆز نیە، کەشەقی هونەر تێنەسرەوێندرێت.
هەر دوێنێ کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرە لە تێکستەکەیدا نووسی کە دووکەس کوژراون لەسەر منازەرەی کاریکاتێرەکانی دانیمارک لە لاهوری پاکستاندا. چونکە پاکستانیش ئیسلامیان زۆر بەقوڵی گرتوە. هەتا زیاتر لەئیسلام نزیک ببیتەوە، دوو قۆناخ لە جەهل و تەخەلووف نزیک دەبیتەوە.

پێشتر نووسیمان کە عەرەبەکان مەلا کرێکار بەخێو دەکەن، مەلا مەعشوق تیرۆر دەکەن. عەرەب و ئیسلامەکان، نایەنەوێت، کە کوردیش وەک خۆیان ئیسلام بەکار بهێنێت، بۆ برەو پێدانی کێشە ڕەواکەی.
http://www.dengekan.com/nwseran/haladne.htm

ئەوان دەیانەوێت، مەلاکانی کورد، وەک مەلا کرێکار ووزەی کورد بە کاری لاوەکیەوە بە فیڕۆ بدات. ئەوان دەیانەوێت، وەک مەلا کرێکار لاوی کوردی بێچارەی وەک بەهەمەن ئەکەرەم تۆفیقی قوڕبەسەر، بنێرن لە ئەفگانستان سەرەک شالیاری ئەو وولاتە تیرۆربکات. عەرەبە ئیسلامیەکان دەیانەوێت کە کورد، سەدام مرۆڤ خۆرەکەی باغیداد، حافز ڕێوی شام، خومەی گۆڕبەگۆڕی ئێران ، ئەتاگورگەکەی لە بیر خۆیان ببنەوە.
http://www.aljazeera.net/news/archive/archive?ArchiveId=44484
پارتی دیموکراتی کوردستانیش، بە زانینەوە ئەو درمە ئیسلامیەی سەر دڵی کورد بەخێو دەکات. ئەوان دەزانن هەتا کورد پابەندی ئایدیای ئیسلام بێت، کورد بەرەو هەڵدێر و کۆیلەیی و جەهالەت دەبا. کە کوردیش بەرەو جەهالەت چوو، هەرەشە لەسەر کورسیەکانیان دوور دەکەوێتەوە. پارتیەکان دڵنیان، کە ئایدلۆجیای ئیسلام، دەمان گەیەنێت بە جیهانی پاپاکان، بە سۆمالیەکان، کەتا ئێستاش کیژان خەتەنە دەکەن.
پارتیەکان کەمالی سەید قادر بە 30ساڵ زیندانی دەکەن سسزا دەدەن، چونکە دەستی بۆ دینارە ئاسنینەکانیان برد.
http://www.dengekan.com/doc/2006/2/kamalSaidKadir12.pdf

پارتیەکان کەوتوونە ماڵیکردنی مافی مرۆڤ پارێزەرە ساختەکانیش،بەو کردوەشیان، گرەویان لە فاشستەکانی تورکیا بردۆتەوە. بەو کردوەشیان بف لە دوا چلورەی مۆمی نێوان خۆیان و جەماوەر دەکەن. لە دڵسۆزیەوە بە پ د ک یەژم، بازرگانانی قەڵەمی دادی سەدامی نەدا، کە دەریایە، شیری سەوزی لەبەردەستا بوو، دادی ئێوەش نادا.
ئەوانێک کە وەفایان بۆ قەڵەمەکەی خۆیان نەبێت، چۆن وەفایان بۆ ئێوە دەبێت؟
هەر بۆ بیر هێنانەوە، کڵێسا لە ئەوروپا6 میلیۆن مرۆڤی سووتاند، کڵێسا ژان دێ ئارکی سووتاند. ژان دێ ئارک کچە گووندیەکی ڕیزپەڕ بوو. ئەو قارەمانە دووجار فەرەنسای لە دەست ئینگلیزەکان ڕزگار کرد، کەچی کڵێسا سووتاندی.
بەلا جیهانی شارستانی پەیکەری بۆ دروست کرد.
ئیمارەتی ترۆیای گرێکی خۆی بە فەوتاندا بە دەستی ئەسپارتاییەکان، لە پێناو خۆشەویستی کچێک و کوڕێکدان (هێلین ئۆف ترۆیە). بەڵام سعودیەکان جیهانی وەحشەیەت و تەخەلووف، بەینی خۆی و ئینگلتەرای تێکدا، لەسەر خۆشەویستی شازادەیەکی سعودیدا لەگەڵ سەربازێکی ئینگلیزدا.

تا ئێستاش ئافرەتانی سعودیە لە شۆڕشدان بۆ بە دەست ختنی گەواهی نامەی شۆفێری!! ئاخر ئەمە دوا پلەی ئابڕوو چوونە، کە فلیمێک دەرکرێت، لەسەر خۆشەویستی، بە نەگەتیڤی. کورتەیەک لەمبارەوە لە نوسیەنەکانی کاک عەلی مەحمەد لێرە بخوێنەوە.
http://www.dengekan.com/doc/2005/6/aliMahmud19.pdf